# حوکمی
# ئەنجامنەدانی نوێژی جەماعەت و وتاری هەینی
## لەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی




نووسینی

**د.عبدالله سعید وەیسی**

دکتۆرا لە فیقهی بەراوردکاری

وەرگێرانی

**مەلا ئەمیر گەردی**



2020

# حوكمی

# ئەنجامنەدانی نوێژی جەماعەت و وتاری هەینی

## لەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی


نووسینی

**د.عبدالله سعید وەیسی**

**دكتۆرا لە فیقهی بەراوردكاری**

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە

**مەلا ئەمیر گەردی**



| | | |
|---|---|---|
| ١٤٤١هـ | ٢٧٢٠ك | ٢٠٢٠م |

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی...

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمدلله، والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى اله وصحبه أجمعين..**

**لەمیانەی ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونەتەبەر، بۆ ڕێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆڕۆنا –کۆڤید ١٩- دامەزراوە ئاینیەکانی جیهانی ئیسلامی؛ ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتەبەر بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی پەرستش و دروشمە ئیسلامیەکان‌و بڕیارو فەتوای ئەوەیاندا، کە نوێژە بە کۆمەڵەکان نەکرێن، بەڵکو وتارو نوێژی هەینی‌و هەموو کۆڕو کۆبوونەوەو مەڕاسیمە ئایینیەکانیش ڕاگیران.**

**بێگومان ئەو ڕێوشوێن و بڕیارانە؛ گران و قورس بوون، لەسەر دڵی موسڵمانان و داخ و خەمێکی گەورەش بوون لەسەر ناخ و دەروونیان.**

**لەو سەروبەندەدا بەپشتیوانی خوای گەورە، چاوێك بە مێژوودا دەگێڕین‌و باس لەو سەردەمانە دەکەین، کە بەهۆی نەخۆشی‌و پەتاوە نوێژی هەینی‌و جەماعەتیان تێدا ئەنجامنەدراوە، پاشان باسی ڕاوبۆچوونی زانایانیش دەکەین لەو بارەوەو بەراوردی دەکەین بەحاڵی ئێستامان، بە مەبەستی بەرچاوڕوونیمان و شارەزابوونی زیاترمان لە ئاینەکەمان.**

# دیدێكی مێژوویی

بێگومان ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ، كە جومعە و جەماعەت ئەنجامنادرێ بەهۆی ڤایرۆسی كۆرۆناو ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەوە؛ ئەگەر بە وردی لە مێژوو بڕوانرێ، دەبینین كە حاڵ و باس و پێشهاتێكی نوێ نیە، بەڵكو مێژوونووسان هاوشێوەی ئەو باسو بەسەرهاتەیان تۆماركردووەو ئێمەش لێرەدا جارێكی دیكە، بەپەلەو بەدوای یەكدا ئەم نەخۆشیو مێژوەكانیان دەخەینەوە بەرچاو:

تاعونی عەمەواس[1]، كە لەساڵی ١٨ی كۆچی خاكی شامی گرتەوەو زۆرێك صەحابەكانی پێغەمبەری خوا -صلى الله عليه وسلم-و تابیعینەكانیش بەهۆیەوە وەفاتیان كرد؛ هەرچەندە وردەكاری چۆنیەتی ژیانو گوزەرانو بارودۆخی ئەوكات كەمتر بەردەستە، بە تایبەت لەباسی ئەنجامدانو بەڕێوەچوونی جومعەو جەماعەت، بەڵام بە وردی ئەگەر سەیری گەورەیی كارەساتو نەخۆشیەكە بكەین، تێدەگەین كە لە كۆتاییدا نەتوانراوە نوێژی هەینی ئەنجامبدرێت.

كۆی ئەو گێڕانەوانەی باس لە كارەساتی عەمەواس دەكات، ئاماژە بە ئەوە دەكەن كە صەحابەی بەڕێز عەمڕی كوڕی عاص -خوا لێی ڕازی بێ- لە كاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەكە؛ فەرمانیكردبوو كە خەڵكی لەیەك دووربكەونەوەو

[1] عەمەواس: گوندێكە لە فەلەستین، ٦ میل لە (الرملة)وە دوورە، لە ڕێگەی (بيت المقدس)ەوە. بڕوانە: معجم البلدان: ١٥٧/٤.

بچنە سەر شاخ و تەپۆڵکەو ناو شیو و دۆڵەکان، بێگومان لەیەکدووركەوتنەوەش بەم شێوەیە؛ رێ لە بەڕێوەچوونی نوێژو وتاری هەینی دەگرێت، بەتایبەت کە یەکێکیش لە مەرجەکانی جومعە؛ ئەوەیە کە لەناو ئاوەدانی و شار و دێهاتەکان بەڕێوەبچێ[1].

جگە لەوەی کۆتاییهاتنی ئەم پەتایە چەند هەفتەیەکی دەوێ، ئەگەر چەند مانگێکی نەوێ، نەشسەلمێنراوە کە ئەوکات خەڵکی گەڕابوبێتنەوە بۆ ناو شارەکان و ئامادەی وتاری هەینی بووبن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بەدرێژایی ماوەی دەرچوونیان لە شار و گوندەکانیان؛ نوێژی هەینیان نەکردووە.

هەرچەند وەك گوتمان: بەڵگەی راست و رەوانمان لەبەردەست نیە، بەڵام لانیکەم ئەوە لەو دەرچوون لەشار و دێهاتەکان دەخوێنرێتەوە.

سەرچاوە مێژووییەکانیش باس لەوە دەکەن، کە چەند جارێك مزگەوت و وتاری هەینی و نوێژی جەماعەت وەستێنراوە، هەروەك (ابن عذاري المراكشي) دەگێڕێتەوە، کە لەساڵی ٣٩٥ی کۆچی لە توونس پەتاییێکی ترسناك بڵاوبووەوەو سەردەمانێکی ناخۆش رووی لەو خاکە کردووەو مزگەوتەکان چۆڵکراون و زیاتر دەڵێت: (گرانی و قاتوقڕی و نەبوونی روویدا، خەڵکێکی زۆر لە

[1] البداية والنهاية: ٧٨/٧. والكامل في التاريخ: ٣٧٦/٢. والمنتظم في تاريخ الامم والملوك: ٢٤٧/٤.

دەوڵەمەندان‌و هەژاران مردن، پارەوپول تەنها لە داودەرمان‌و دکتۆر خەرجدەکرا، مزگەوتەکانی شاری قەیرەوانیش چۆڵ بوون)[١].

ئیمامی زەهەبیش باسی ئەندەلوس دەکات و دەفەرموێ: (لە ساڵی ٤٤٨ی کۆچی، گرانی و بێبارانی و نەخۆشی بڵاوبووەوە؛ خەڵکێکی زۆر مردن و مزگەوتەکان داخران‌و نوێژیان تێدا ئەنجامنەدرا)[٢]، هەروەها دەفەرموێ: (هەرگیز نەخۆشی‌و قاتوقڕی لەو شێوەیە لە قورتوبە رووینەدابوو؛ ساڵەکە ناونرا ساڵی برسیبوونە گەورەکە)[٣].

(ابن الجوزي)یش باسی وردەکاری کارەسات و رووداوەکانی پەتای ساڵی ٤٤٩ی کۆچی دەکات، کە چەند زوو تەشەنەی کردووەو بەناو خەڵکیدا بڵاوبۆتەوە لەو ناوچەیەی کە لە ئێستادا بە ئاسیای ناوەڕاست ناودەبرێ، بەجۆرێك باس لەو رۆژانەی سەردەمی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە دەکات، وەك ئەوەی بڵێی باس لەسەردەمی ئێستای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەکات و دەفەرموێ: (کەس لە جادەوبان‌و ناوبازاڕەکان نەدەبینرا، هەموو دەرگاکان داخرابوون، هەموو کاروکەسابەت‌و بازرگانیەکان وەستابوون؛ خەڵکی هەر بەوە رادەگەیشتن

[١] البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب: ٢٥٧/١.
[٢] تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والأعلام: ٦١٤/٩.
[٣] سير أعلام النبلاء ٢٨٣/٣٥.

مردووان بشۆن و کفن و دەفنیان بکەن و زۆرینە مزگەوتەکانیش چۆڵ ببوون و نوێژی جەماعەتیان تێدا نەدەکرا)[١].

(المقريزي)یش باس لە بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵایەتی شاری قاهیرەی میسر دەکات لەساڵی ٧٤٩ی کۆچی، کە تاعونێکی تێدا بڵاوببووە بەناوی تاعونی گەورەو ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەتەواوی راگرتووە، دەفەرموێ: (ژنخوازی و ئاهەنگ و رێورەسمەکانی ژنگواستنەوە بوونیان نەما، بانگدان نەماو مزگەوت و خانەقاو خوێندنگاکانیش داخران)[٢]، (ابن تغري) مێژوونووسیش دەفەرموێ: (فەرمانڕەوا "شيخون العمري" کەسانێکی تایبەتکرد بە شۆردن و کفن و دەفنکردنی مردووان و فەرمانیشیکرد کە مزگەوت و بانگدان لە زۆرینەی شوێنەکان رابگیرێن، تەنها لەهەندێك شوێنی دیاریکراو بانگبدرێت)[٣].

تەنانەت شاری مەککەی پیرۆزیش لە پەتا و نەخۆشی گوزراوە بەدەرنەبووە، لە ساڵی ٨٢٧ی کۆچی پەتاییێکی مەترسیدار کۆتایی بە ژیانی خەڵکێکی زۆر هێنا، نوێژی جەماعەتیش لە ناو حەرەم وەستێنرا، "ابن حجر" باسی کارەساتی ئەو ساڵە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: (لەسەرەتای ساڵەکە؛ پەتا بڵاوبووەوە لە شاری مەککەی پیرۆز و رۆژانە ٤٠ کەس گیانیان لەدەستدەدا، کار گەیشتە ئەوەی کە تەنها لە مانگی "ربيع الاول"دا ١٧٠٠ کەس مردن؛ لە نزیك مەقام تەنها یەك

[١] المنتظم في تاريخ الامم والملوك: ١٦/١٨
[٢] السلوك لمعرفة دول الملوك: ٨٨/٤.
[٣] النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة: ٢٠٩/١٠.

یان دوو کەسێك لەدوای ئیمام نوێژیان دەکرد، لە شوێنەکانی دیکە نوێژی جەماعەت نەما و کەس نەبوو بگاتە مزگەوت)[1]، کەواتە خەڵکی نەهاتوونەتە مزگەوت لەترسی بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشیەکە.

وەنەبێ تەنها بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی‌و پەتاوە جومعەو جەماعەت وەستێنرابن، بەڵکو جاری وا بووە کە بەهۆی کارەسات‌و شەڕوئاڵۆزی‌و کارەساتی دیکەیش مزگەوت داخراون.

"ابن الجوزی" لەباسی رووداوەکانی ساڵی ٣٤٩ی کۆچی، باس لەوە دەکات کە بەهۆی شەڕو ئاڵۆزی‌و ناکۆکیەکانی نێوان سوننەو شیعە؛ لەتەواوی مزگەوتەکانی بەغداد وتارو نوێژی هەینی راگیرا، تەنها لە مزگەوتی "براثا" نەبێت[2].

"ابن کثیر"یش باس لە رووداوەکانی ساڵی ٤٠٣ی کۆچی دەکات، کە لە بەغداد لە مانگی شەوالی ئەو ساڵەدا، ئافرەتێکی دیاری نەسرانی کۆچی دوایی دەکات‌و کەسایەتیە ئایینی‌و خزم و کەسەکانیشی لە رێورەسمی بەخاکسپاردنیدا خاچ بەرزدەکەنەوەو بەناو کۆڵانەکانی بەغدادا هاواردەکەن؛ هاشمیەکانیش بەم کارەیان قەڵس دەبن‌و ناڕەزایی دەردەبڕن، هەندێك گەنجی دەستوپێوەندی بنەماڵەی ئەو کەسایەتیانە و بنەماڵەی کۆچکردووش دەستدەوشێنن و ئاڵۆزی روودەدات‌و موسڵمانەکانیش بەهەمان شێوە وەڵامیان دەدەنەوەو دەبێتە شەڕ و

[1] انباء الغمر بأبناء العمر: ٣٢٦/٣.
[2] الكامل في التاريخ: ٢٣٠/٧.

نەسرانیەکان پەنا دەبەنە بەر کڵێسایەکی نزیك شوێنی شەڕوئاڵۆزیەکەو دەچنە ناوی، ئەو موسڵمانانەی لەشەڕەکە بەشداربوون؛ کڵێساکەو کەلوپەل‌و شتومەکەکانی دەشێوینن‌و دەفڕێنن، ئیتر بووە شەڕێکی گەورەترو ڕەشبگێری و ئاڵۆزی زیاتری نێوان موسڵمان و نەسرانیەکان و ماوەیەك نوێژی جەماعەت و جومعە وەستێنرا)[1].

بەڵکو جاری وابووە، هەروەك دیسان "ابن كثير" دەفەرموێ: بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەشعەری‌و حەنبەلیەکان لە بەغداد، لەساڵی ٤٤٧ی کۆچی نوێژی جەماعەت ڕاگیراوە[2].

هەروەك لە سەرچاوە مێژووییەکانیشدا هاتووە؛ لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەهەمان شێوە نوێژی جەماعەت لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم- لەمەدینە وەستێنرا، ئەوەیش دوای ئەوەی کە ئابلۆقەی شاری مەدینە درا؛ فەخری پاشا مزگەوتی کردە مۆڵگەی سەربازەکان و چەك و تفاقێکی زۆری تێدا دانا و منارەکانیشی وەك قەڵاو شوێنی چاودێریکردن دەستنیشانکردو بەهۆیەوە بۆ ماوەیەك بانگیش نەدرا[3].

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت، داخستنی مزگەوت و ڕاگرتنی نوێژی هەینی‌و جەماعەت؛ باس‌و حاڵەتێکی نوێ نیەو لە مێژوودا هاوشێوەی

---

[1] البداية والنهاية: ٣٤٨/١١.
[2] البداية والنهاية: ٦٦/١٢.
[3] معلمو المسجد النبوي الشريف: ٨٠٧.

هەبووە، هەندێکجار بەهۆکاری پێویست‌و نالەباری تەندروستی، وەك حاڵی کۆرۆنای ئێستامان، هەندێکجاریش بەهۆی ناکۆکی‌و شەڕوئاڵۆزی نابەجێ‌و ناماقوڵ، هەرچەندە باسی ئێمە بەراوردکردن نیە لەنێوان حاڵەتەکانی داخستنی مزگەوت لە رابردوو و ئێستادا.

ماوەتەوە بزانین، کە هەموو ناخۆشی و رۆژە زەحمەتیەکانی ژیان کۆتاییان دێ، هەروەك چۆن ئەو تاڵی‌و نەهامەتیانەی رابردوو کۆتاییان هاتووە، مزگەوتەکانیش بەڕووی تامەزرۆ و خۆشەویستانیان هەر دەکرێنەوە ان شاء اللە، لەخوای گەورە داواکارین لەهەموو گوناهوتاوانەکانمان خۆشببێت‌و خێر بهێنێتە رێمان بە فەزڵی خۆی.

# حوكمی ئه نجامنه‌دانی

# نوێژی جه‌ماعه‌ت و وتاری هه‌ینی له‌ترسی بڵاوبوونه‌ی نه‌خۆشی

ڤایرۆسی كۆرۆنا؛ لەو جۆرە ڤایرۆسانەیە كە تووشی مرۆڤ و ئاژەڵیش دەبێت‌و كۆئەندامی هەناسە دەكاتە ئامانج‌و بەهۆی سەرماوسۆڵەشەوە زیاتر قورستر دەبێت‌و بڵاودەبێتەوە، هەروەك نەخۆشی سارس، بەڵام ئەو نەخۆشیەی كە ئێستا ناونراوە (covid 19)؛ تا ئەو كاتەی كە لەمانگی كانونی یەكەمی ٢٠١٩ لەشاری وهانی چین بڵاوبووەوە، كەس نەیدەناسی و پێی نەدەزانی.

ئەم نەخۆشیە لە ڕێگەی پڕیشكی پژمین‌و كۆكە، تەنانەت قسەكردنیشەوە دەگوازرێتەوە، ئەگەر بێتو كەسەكان لەیەكەوە نزیكبن، یان ئەگەر بەركەوتن ڕووبدات‌و دەستبدرێت لەو شوێنانەی كە پڕیشكەكانی كەسی نەخۆش‌و هەڵگری ڤایرۆسەكەی پێوە لكاوە.

بەهۆی ئەو مەترسیە گەورەیەی كە ئەو ڤایرۆسە لەسەر ژیانی مرۆڤەكان دروستیدەكات؛ واجبە لەسەر هەر كەسێك كە خۆپارێزی بكات‌و ڕێنماییەتەندرووستیەكان جێبەجێبەكات‌و دووربكەوێتەوە لەو شوێن‌و كەسانەی سەرچاوەن بۆ نەخۆشیەكە، بەمەبەستی پاراستنی خۆی‌و دەوروبەری، چ لەماڵ، یانیش شوێنی كار و دەوامی ڕۆژانە.

بەلەبەرچاوگرتنی زوو بڵاوبوونەوەو تەشەنەكردنی بەپەلەی ئەو ڤایرۆسە؛ (تیدروس ئەدهانۆم گیبریسۆس) بەڕێوەبەری گشتی ڕێكخراوی تەندروستی

جیهانی، لەکۆتاییەکانی مانگی کانونی دووەمی ٢٠٢٠ باری لەناکاوی ڕاگەیاند، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشیەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پاشانیش لە ١١ی ئازاری ٢٠٢٠ وەك پەتاییێکی جیهانی ناساندی و جەختی لەسەر مەترسیداری نەخۆشیەکە کردەوە.

دوابەدوای ئەو هۆشداریانە؛ لە زۆرینەی وڵاتان ڕێوشوێنی توندی خۆپارێزی گیرایەبەر، لەلایەن خۆشیانەوە دەزگاو دامەزراوە ئیسلامیەکان، وەك ئەو وەزارەت‌و دەستەو کۆڕبەندانەی کە پەیوەستن ئاینی پیرۆزی ئیسلام و فەتواوە؛ بڕیارو بەیاننامەو فەتوای تایبەتیان دەرکرد، وەك هەوڵێك بۆ خۆپارێزی و پاراستنی سەروگیان؛ نوێژی جەماعەت و چوونە مزگەوتیان قەدەغەکرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە وتارو نوێژی ڕۆژی جومعەش ڕاگیرا.

بێگومان ئەم ڕێوشوێنانە، زۆربەگران وەستان لەسەر دڵی موسڵمانانی هەموو دونیا، تووشی خەم‌و گریان‌و داخێکی زۆریشی کردن، بەتایبەت لەسەرەتادا؛ بەلای زۆرێك لە موسڵمانان هەر قەبوڵ نەدەکرا.

هەربۆیە بەپێویستی دەزانین بە پشتیوانی خوای گەورە؛ دیارترین ڕاوبۆچوونی زانایانی فیقهی لەو بارەوە بخەینەڕوو، بەڵام وا پێویستدەکات کە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی بەپەلەش بێت؛ باس لە حوکمی نوێژی جەماعەت بکەین، چونکە زۆرینەی ئەو فەتوایانەی کە لەو بارەوە دەرکراون؛ باسی جومعەو جەماعەتیان بەیەکەوە کردووە، ئەوە لەکاتێکدا کە حوکمیان لەگەڵ

یەکتری جیاوازە لە رووی تەکلیفیەوە، کەواتە بێگومان وا پێویستی دەکرد بەجیا باسیانکرابا و لەیەکتری جیاکرابانەوە.

نوێژی بەکۆمەڵ -جەماعەت- سونتەتێکی موئەککەدەیە[1]، هەندێکیش لە زانایان وایدەبینن کە فەرزە و هەرکەسێك نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجامنەدا؛ هەرچەندە نوێژەکەی دروستە، بەلاَم گوناهبارە[2]، هەندێکیش وایدەبینن کە فەرزی کیفایەیە؛ ئەگەر لە شوێنێك نوێژی بەکۆمەڵ ئەنجامنەردا، هەموویان گوناهبارن[3].

هیچ گومانیش لەوەدانیە کە نوێژی بەکۆمەڵ پاداشتێکی زۆری هەیە، ٢٧ جار لە نوێژی بەتەنها خێری زیاترە، کەسێك خەمساردو پشت لەخێر نەبێ، ناتوانێ خۆی لەو خێرە گەورەیە بێبەش بکات، بەلاَم ئەگەر عوزری هەبوو؛ بێگومان دەتوانێ نەچێتە مزگەوت و بەتەنها ئەنجامیبدات، زانایانمان عوزرەکانیان دەستنیشانکردووەو باسیانکردووە؛ دەتوانن لە کتێبە فیقهیەکاندا بۆی بگەڕێنەوەو بیخوێننەوە.

---

[1] ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەبوحەنیفە و ئیمامی مالیکە، بە مەزهەبی ئیمامی شافیعیش دانراوە، لە ریواتێکیشدا هاتووە کە ئیمامی ئەحمەدیش هەر وایفەرمووە. بڕوانە: بدائع الصنائع: ١٥٥/١، رد المحتار: ٤٥٧/١، مواهب الجليل: ٢/٨١-٨٢، المجموع شرح المذهب: ١٨٢/٤، البيان في مذهب الامام الشافعي: ٣٦١/٢، كشاف القناع: ٤٥٤/١.

[2] ئەمە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەدو هەندێك لە شوێنکەوتووانیەتی، هەریەك لە عەتاء و ئەوزاعی و ئیبنو تەیمیەو داودیش وایانفەرمووە. بڕوانە: المغني لابن قدامة: ١٣٠/٢، كشاف القناع: ٤٥٤/١.

[3] ئەمە رای دروستی مەزهەبی ئیمامی شافیعیە، هەریەك لە کەرخی و تەحاوی لە زانایانی مەزهەبی ئیمامی ئەبوحەنیفەش وایانفەرمووە، هەندێك لە شوێنکەوتووانی مەزهەبی ئیمامی مالیکیش هەروا دەفەرموون و رایێکیش هەیە لەمەزهەبی ئیمامی ئەحمەد لەو بارەوە. بڕوانە: بدائع الصنائع: ١٥٥/١، مواهب الجليل: ٢/٨١-٨٢، المجموع شرح المهذب: ١٨٢/٤، المغني لابن قدامة: ١٣٠/٢.

دەکرێ نوێژی جەماعەت لە شوێنی دیکە، جگە لەمزگەوت ئەنجامبدرێ، بەڵام بێگومان لەمزگەوت خێرترە، هەرکەسێك نەیتوانی بگاتە مزگەوت؛ دروستە لەماڵەوە، یان هەر شوێنێکی دیکە نوێژی جەماعەت ئەنجامبدات، ئەگەر لەگەڵ یەك کەسیش دابێت، چونکە بە دوو کەسیش نوێژی جەماعەت هەر دەکرێ.

کەواتە باسەکەی ئێمە زیاتر پەیوەستە بەباسی نوێژ و وتاری هەینی، چونکە فەرزێکی عەینیە، جیاوازترە لە نوێژی جەماعەت، نەك وەك ئەوەی لەفەتوا نوێکاندا هاتووە، کە نوێژی جەماعەت و نوێژی جومعەیان بەیەکەوە لکاندووە.

دوای توێژینەوەو بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕای زانایانی سەردەم؛ دەرکەوت کە چوار ڕاوبۆچوونیان هەیە لەوبارەوە:

**یەکەم:** درووستە جومعە و جەماعەت لەسەرتاسەری مزگەوتەکانی ئەو وڵات و شارانە رابگیرێت، کە نەخۆشیەکەیان تێدا بڵاوبۆتەوە، تەنها بانگدان بمێنێت وەك دروشمێکی ئیسلامی، ئەمەش رای زۆرینەی زانایانی سەردەم و دەستە و دامەزراوە جیهانی و ناوخۆییەکانی تایبەت بە فەتوا بوو، وەك: دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەری شەریف[١] و دەستەی گەورە زانایانی شانشینی عەرەبی سعودی[٢]

---

[١] بەیاننامەی دەستەی گەورە زانایانی ئەزهەری شەریف لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٥ بڕوانە: www.azhar.eg.

[٢] بڕیاری دەستەی گەورە زانایانی شانشینی عەرەبی سعودی، ژمارە ٢٤٧ لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٧، بڕوانە: www.spa.gov.sa.

**و خانەی فەتوای شانشینی ئوردنی[١] و خانەی فەتوای کۆماری لوبنان[٢] و مەجمەعی فیقهی گەورە زانایانی عێراقی بۆ بانگەواز و فەتوا[٣] و ئەنجومەنی فەتوا و توێژینەوەی ئەوروپی[٤] و ئەنجومەنی فەتوای باڵای عێراقی لە دیوانی وەقفی سوننی عێراقی[٥] و دەستەی گشتی ئەوقافی لیبا[٦] و وەزارەتی کاروباری ئایینی مالیزیا[٧] و یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمانان[٨] و ئەنجومەنی باڵای**

---

[١] بڕوانە: پەیجی فەرمی فەرمانگەی فەتوای ئوردنی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك: www.facebook.com/aliftaajo.

[٢] بڕوانە: پەیجی فەرمی فەرمانگەی فەتوای ئوردنی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك: www.facebook.com/DarElFatwaLeb.

[٣] لە فەتواکەیاندا هاتووە: زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە یەکێك لە عوزرەکانی نەچوون بۆ جومعە و جەماعەت؛ بریتیە لە نەخۆشکەوتن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تەشەنەکردنی، بۆیە لەهەر وڵات و شار و شوێنێك بەو هۆیەوە دەوامی فەرمی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان راگیران؛ دروستە کە مزگەوتەکانیش دابخرێن.. فەتوای مەجمەعی فیقهی عێراقی، لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٧ی زاینی دەرچووە alfiqhi.org/fatwa.

[٤] بەیاننامەی ئەنجومەنی فەتواو توێژینەوەی ئەوروپی لە ٨ی رەجەبی ١٤٤١ی کۆچی، بەرامبەر بە ٢٠٢٠/٣/٢ی زایینی، بڕوانە: www.e-cfr.org.

[٥] فەتوای ئەنجومەنی فەتوای باڵای عێراقی لە دیوانی وەقفی سوننی عێراقی، ژمارە ٦ لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٢ی زایینی.

[٦] بڕیاری دەستەی گشتی ئەوقاف لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٦ی زایینی، بڕوانە: libyan-cna.net/news.

[٧] بڕوانە پەیجی فەرمی وەزیری کاروباری ئیسلامی لەسەر فەیسبوك، ٢٠٢٠/٣/١٧ www.facebook.com/drzulmenterijpm.

[٨] فەتوای ژمارە ١ی پەیوەست بە کۆرۆنا لە ٢٠٢٠/٣/١٤ی زایینی، بڕوانە: www.iumsonline.org/ar.

زانستی لە شانشینی مەغریبی[1] و لیژنەی فەتوا لە کۆماری جەزائیر[2] و دەستەی فەتوا لە وڵاتی کوێت[3]و ئەنجومەنی فەتوای شەرعی لە وڵاتی ئیمارات[4]و ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان[5]و مەجمەعی شارەزایانی شەریعەت لە ئەمەریکا[6]و مەرجەعی ئایینی تایبەت بە پەیڕەوانی شیعە

---

[1] فەتوای ئەنجومەنی باڵای زانستی سەربە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی/ شانشینی مەغریب، لە ٢٠٢٠/٣/١٦ی زایینی، بڕوانە: www.iumsonline.org/ar.

[2] فەتوای لیژنەی فەتوای وەزارەتی کاروباری ئایینی جەزائیر، لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٧ی زایینی، بڕوانە: www.aps.dz/ar.

[3] فەتوای ژمارە ١٨ع/٢٠٢٠ لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٢ی زایینی، کە لیژنەی کاروباری گشتی بەڕێوەبەری فەتوا دەریکردووە – وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی وڵاتی کوێت.

[4] فەتوای ئەنجومەنی فەتوای شەرعی ئیماڕاتی ژمارە ١١ی بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٧ی زایینی، پەیوەست بەو عیبادەت و پەرستشانەی بە کۆمەڵ دەکرێن، بڕوانە: www.wam.ae.

[5] کە لەبڕگەی دووەمی بڕیارەکانیاندا، سەبارەت بە رێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٣ی زایینی دەریانکردووە، هاتووە: لەو شوێنانەی کە ڤایرۆسەکە وەك پەتا بڵاودەبێتەوە؛ واجبە کە وتاری هەیینی‌و نوێژی جەماعەت بەشێوەیەکی رابگیرێ، ئەمەش بەهەماهەنگی هەریەك لە وەزارەتی ئەوقاف‌و وەزارەتی تەندروستی‌و لیژنەی فەتوای ئەو ناوچەیەی کە پەتای تێدا بڵاودەبێتەوە. بۆ درێژەی فەتواکەو زانیاری زیاتر، بڕوانە: www.zanayan.org/arabic.

[6] مەجمەعی شارەزایانی شەریعەت لە ئەمەریکا، دوو فەتوایان لەو بارەوە دەرکردووە؛ لە فەتوای یەکەم بەدرووستیان نەزانیوە کە بەشێوەیەکی تەواو جومعە و جەماعەت رابگیرێ، بەڵکو تەنها بۆ ئەوانەیان بەدرووست نەزانیوە بێنە جومعەو جەماعەت، کە نەخۆشن یان مەترسی نەخۆشبوونیان لێبکرێ، بەڵام لە فەتوای دووەمیان کە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٣ی زایینی دەرچووە؛ بە دوو مەرج راگرتنی جومعە بە درووست دەزانن: یەکەمیان: ئەگەر دەگا پەیوەندیدارەکان فەرمانیان بەداخستنی هەموو پەرستگاکان دەرکرد، ئەو کاتە لەماڵەوە لەجیاتی دوو رکات چوار رکات ئەنجام دەدەن. دووەمیان: ئەگەر دامەزراوەو دەزگا تەندروستیەکان باسیان لە زیان و مەترسی کۆبوونەوەو بەیەکەوەبوون کرد، ئەوکاتە موسڵمانان لەسەریانە پابەندبن و ڕەچاوی ڕێنماییەکان بکەن. بڕوانە: www.facebook.com/ALSLAMMOSQUE.

مەزهەب؛ سەید عەلی سیستانی حوسەینی[1]، ئەمانە و چەندانیتر لەکەسایەتیە ئایینی و ئەکادیمیە دیارەکانی جیهانی ئیسلامی.

چەند بەڵگەیەکیش بۆ ڕاستی و درووستی ئەم فەتواو بڕیارانەیان دەهێننەوە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- پێشەوا بوخاری و موسلیم –ڕەحمەتی خوایان لێبێ- دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- فەرمویەتی: (لا يوردن ممرض على مصح)[2].

لە فەرموودەکەدا پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- ڕێگری دەکات لەوەی کە خەڵکی ساغ و خەڵکی نەخۆش تێکەڵاوی یەکتری ببن، لەترسی ئەوەی نەوەك نەخۆشیەکە بڵاوببێتەوە، لە ئێستاشدا لەوانەیە کەسێك بچێتە مزگەوت و نەشزانێ کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە؛ بەهۆیەوە دەیان کەسیتر تووش بکات.

---

[1] لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٠ی زایینی فەتوای دەرکردووەو تیایدا هاتووە: هەرکاتێك بە مەبەستی ڕێگریکردن لەتەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، هەر کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی کۆبوونەوەی وتاری هەینی قەدەغەکرا؛ پێویستە پێوەی پابەندبین و بەجدی ئەم بابەتە وەربگرێ. بڕوانە: imamhussain.org.

[2] بڕوانە: صحيح البخاري، باب: لا هامة ولا عدوى، ژمارەی فەرموودە: ٥٤٣٧، ٢١٧٧/٥. وصحيح مسلم، باب لا عدوى ولا طيرة ولا هامة، ژمارەی فەرموودە:: ٣٣، ١٧٤٠/٤.

٢- ئەوکاتەی کە گەورەمان عومەری کوڕی خەتتاب –خوا لێی رازی بێت- بەڕێکەوت بەرەو شام، دواتر هەواڵیان پێدا کە پەتا لەوێ بڵاوبۆتەوە؛ هاوەڵی بەڕێز عبدالرحمن کوڕی عەوف –خوا لێی ڕازی بێت- پێیفەرموو، کە گوێی لە پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم- بووە فەرمویەتی: (اذا سمعتم به بأرض فلا تقدموا علیه، واذا وقع بأرض وأنتم بها فلا تخرجوا فرارا منه)[١].

واتە: "ئەگەر زانیتان لە شوێنێك پەتا بڵاوبۆتەوە؛ مەچوونە ئەو شوێنە، ئەگەر لە شوێنێکیش بوون و پەتای تێدا بڵاوبووەوە؛ لێی دەرمەچن و رامەکەن". هەر بۆیە کە پێشەوا عومەر ئەم فەرموودەی بیست؛ گەڕایەوەو نەچوو بۆ شام.

وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە؛ بۆ هیچ کەسێك درووست نیە ببێتە هۆی زیاترکردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتاکان، چ بە دەرچوون لەناو تووشبووان، یانیش بەچوونی بۆ ناو تووشبووان، کە لە ئێستادا ئەمە پێی دەگوترێ: (الحجر الصحی)، یان کەرەنتین و قەدەغەی هاتوچۆو دەرنەچوون لەماڵ، تەنانەت ئەگەر بۆ مزگەوتیش بێت.

---

[١] بڕوانە: صحیح البخاري، باب: ما یذکر في الطاعون، ژمارەی فەرموودە: ٥٣٩٨، ٢١٦٤/٥. وصحیح مسلم، باب: الطاعون والطیرة والکهانة، ژمارەی فەرموودە: ٥٩١٨، ٣٠/٧.

٣- پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- فەرمویەتی: (فر من المجذوم فرارك من الاسد)[١].

واتە: لەکەسی توشبوو بە نەخۆشی گەڕوگولی ڕابکە، وەکچۆن لە شێر ڕادەکەی.

بەگوێرەی فەرموودەکە؛ دەبێ لەهەرکەسێك دووربکەوینەوە، کە تووشی نەخۆشییێکی گوازراوەو مەترسیدار بووە، روونیشە لە ئێستادا ڤایرۆسی کۆرۆنا نەخۆشییێکی گوازراوەو مەترسیدارە، وەك ئەوەی پسپۆڕان لەسەرانسەری جیهان باسی لێوەدەکەن؛ بۆیە لە رووی شەرعیەوە بە پێویست دەزانرێ، کە لەهەر کۆڕو کۆبوونەوەو قەرەباڵغییێك دووربکەوینەوە، بە جومعە و جەماعەتیشەوە.

٤- بەگەڕانەوە و پشتبەستن بە کۆی هەموو ئەو عوزرە شەرعیانەی زانایانمان باسیان لێوەکردووە، کە دەکرێ ببن بەهۆکارێك بۆ لاچوونی ئەرکی ئەنجامدانی جەماعەت، وەك باران و نەخۆشکەوتن و ترس[٢]؛ بێگومان مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر مەترسیدارترە.

---

[١] بڕوانە: صحيح البخاري، باب: الجذام، ژمارەی فەرموودە: ٥٣٨٠، ٢١٥٨/٥. و مسند الامام أحمد، ژمارەی فەرموودە: ٩٧٢٢، ٤٤٩/١٥.

[٢] بروانة: بدائع الصنائع: ٢٥٧/١، التاج والاكليل شرح مختصر الخليل: ٢٧١/٢، المجموع شرح المهذب: ٢٠٥/٤، الانصاف لمعرفة الراجح من الخلاف: ٤٦٧/٤.

بەتایبەت کە لەکاتێکدا زانایانمان فەرموویانە: هەبوونی ترس لەسەر گیانو ماڵومولڵك، یان ترس لەوەی بەشێك لەجەستە بفەوتێت؛ عوزرن بۆ نەچوونە مزگەوت، هەروەها فەرموویانە: کە بەشداریکردن و ئامادەبوون لە وتارو نوێژی جومعە؛ پەیوەستە بەو مەرجەی کە هیچ زیانو مەترسیێك لەسەر گیانو ماڵی درووستنەبێت[1]، ئەمەش رێك لەسەر نەخۆشیە گوازراوەکان دێتەجێ، بەتایبەت ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هەروەها ریوایەتیشکراوە، کەوا پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- فەرمویەتی: ("من سمع المنادي فلم يمنعه من اتباعه عذر"، قالوا: وما العذر؟ قال: "خوف أو مرض؛ لم تقبل منه الصلاة التي صلى")[2].

واتە: هەرکەسێك گوێی لەدەنگی بانگ بوو، بەلاّم بەبێ هیچ عوزرێك نەچووە مزگەوت؛ خوای گەورە ئەو نوێژەی لێ قەبوڵ ناکا، فەرموویان: مەبەست لە عوزر چیە؟ پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ترس یان نەخۆشی.

بێگومان ئەو نەخۆشیەی ئێستاش؛ ترسێکی دیارو نەخۆشییێکی حاشاهەڵنەگرە و لە گومان و مەزەندە دەرچووە.

---

[1] بڕوانە: رد المحتار: ١٥٤/٢، منح الجليل شرح مختصر الخليل: ٤٥١/١، الام: ٢١٨/١.

[2] ابوداود لە ابن عباس ڕیوایەتی کردووە، بڕوانە: سنن ابي داود، باب: في التشديد في ترك الجماعة، ژمارەی فەرموودە: ٥٥١، ٢٠٦/١. فەرموودەکەش صەحیحە، بڕوانە: الترغيب والترهيب من الحديث الشريف/ المنذري: ٢٧٢/١.

٥- قیاسکردنی نەچوونە مزگەوت بەهۆی نەخۆشی، بە نەچوونە مزگەوت بەهۆی خواردنی سیرو پیازەوە؛ بێگومان دەبێتە قیاس‌و پێوانە لەجێ بۆ ئەنجامنەدانی جەماعەت، چونکە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی مەترسیدارترە لە بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش[١].

٦- ئامانج‌و مەبەستی بنەما شەرعیەکان؛ جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی سەروگیان دەکەنەوە لە مردن‌و لە لەناوبردنی، ئەمە لەکاتێکدا کە جێبەجێکردنی نوێژی جەماعەت؛ پێویستی‌و عیبادەتێکی تەواوکاری –الضروريات التكميلية- ئایینیە، بۆیە پاراستنی سەروگیان پێش پاراستنی عیبادەتی تەواوکاری دەخرێ[٢]. ئەمە جگە لەوەی کە بنەما فیقهیەکانیش جەخت لەسەر لادان و لابردنی زەرو زیان دەکەنەوە[٣]، کۆی گشتی ئایەتەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەری خواش –صلى الله عليه وسلم- هانی ئاسانکاری و لابردنی زەحمەت دەکەنەوە.

---

[١] بڕوانە: الناج والاكليل شرح مختصر خليل: ٢٧٤/٢، المجموع شرح المهذب: ١٧٤/٢، الانصاف لمعرفة الراجح من الخلاف: ٣٧٣/٤.

[٢] بۆ بەدواداچوون و زانیاری زیاتر، بڕوانە: الموافقات: ٢٠٧/٤.

[٣] وەك ئەو بنەما فیقهیانەی کە دەفەرموون: (الضرر يزال، لا ضرر ولا ضرار، يجب ازالة الضرر بعد وقوعه، كما يجب دفعه قبل وقوعه، الضرر يدفع بقدر الامكان، الضرر الاشد يزال بالضرر الاخف)، بۆ بەدواداچوون و زانیاری زیاتر: موسوعة القواعد الفقهية؛ محمد ال بورنو: ٢٥٣/٦ و لاپەڕەکانی دواتر.

**دووەم:** درووست نیە مزگەوت دابخرێ بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەوە، واجبە کە جومعە و جەماعەت هەر بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر بەکەمترین ژمارەی نوێژخوێنانیش بێت، بەڵکو دەبێت ڕێگری لەکەسانی نەخۆش بکرێت بێنە مزگەوت، یان ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کە نەخۆشن.

هەرچەندە هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی ئایینی فەرمیم بەرچاونەکەوتووە هەڵگری ئەم ڕاوبۆچوونەبن، بەڵام لەسەر ئاستی کەسایەتیە ئایینیو ئەکادیمیەکان هەندێك هەبوون پشتیوانیان لێدەکرد، وەك: دکتۆر حاکم المطیري لە وڵاتی کوێت[1] و شێخ محمد سالم الدودو لە مۆریتانیا[2] و شێخ الصادق بن عبدالرحمن الغرباني لە لیبیا[3] و شێخ دکتۆر سەمیر موراد الشوابكة لە شانشینی ئوردن[4] و شێخ عبدالحمید الاگرش سەرۆکی پێشووی لێژنەی فەتوای ئەزهەر[5] و شێخ أحمد علم الهدی ئیمام جومعەی شاری مەشهەدی ئێران[6].

بەڵگەشیان بۆ ئەم بۆچوونەیان؛ کۆی گشتی ئەو دەقە شەرعیانەیە، کە باس لە نوێژی جومعە و جەماعەت دەکات، عوزری نەهاتنە مزگەوت بەهۆی

[1] ئەمینداری گشتی حیزبی "الامة" و مامۆستای تەفسیرو حەدیث لە زانکۆی کوێت، بڕوانە: twitter.com/DrHAKEM.

[2] بڕوانە: http://elislah.mr.

[3] موفتی لەکارلادراوی لیبیا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی لیبیاوە، فەتوای فەرمی ژمارە: ٢٢٧ لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٧، بڕوانە: almarsad.co.

[4] سەرۆك و دامەزرێنەری سەنتەری زانستی (الامام ابی عبدالله الشافعی) لە شانشینی ئوردنی هاشمی، بڕوانە: emamshaf3y.com.

[5] بڕوانە پێگەی "البلد نیوز" ڕۆژی چوارشەممە، بەرواری ٢٠٢٠/٣/٤ www.elbalad.news.

[6] بڕوانە پێگەی فەرمی ئێران نێت iranintl.com.

نەخۆشیو جێبەجێنەکردنی جومعەو جەماعەت بەلای ئەوانەوە؛ کەسی ساغ ناگرێتەوە، لەحاڵەتی ترسی تەشەنەکردنی نەخۆشیەکەشدا، ژمارەیەکی کەمی نوێژخوێنان هەردەبێ ئامادەی جومعەو جەماعەت ببن، چونکە داخستنی مزگەوت و رێگریکردن لە نوێژکردن تیایدا حەڕامە، بە دەق و بە ئیجماعی زانایان، خوای گەورە دەفەرموێ: (ومن أظلم ممن منع مساجد الله أن يذكر فيها اسمه)[1]، واتە: کێ لەوە تاوانبارترو ستەمکارترە کە مزگەوتەکانی خوا قەدەغەدەکات لەوەی ناوی بیرۆزی خوای گەورەی تێدا بهێنرێت.

کەوابو بە گوێرەی ئەم ئایەتە؛ مزگەوت هی خوایە و دەسەڵاتی هیچ وڵاتێك ناتوانێ دایبخات، تەنها دەتوانێ چاودێری بکاتو خزمەتی بکات.

**سێیەم**: بەچاولێکردن لەو شارو لاتانەی کە نەخۆشیەکەیان تێدا بڵاوبۆتەوە، ڕێگەدەدرێ کە نوێژی جومعەو جەماعەت لە مزگەوتەکان رابگیرێ، لەبری ئەوە لەناو ماڵان و بە کۆمەڵ کۆمەڵی جیا جیا نوێژی جەماعەت و جومعە، بەڕەچاوکردنی رێنماییە تەندرووستیەکان ئەنجامدەدرێ، لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئەم شێوە کۆبوونەوەو جەماعەتکردنە نەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشیەکە؛ ئەمەش فەتوای ئەنجومەنی ئیسلامی سوریایە.

---

[1] ئایەتی ١١٤ی سورەتی "البقرة"

بۆ ئەم راوبۆچوونەش پشتیان بەو بنەما ئوصوڵیانە بەستووە: (الضرورات تبيح المحضورات) و (والحاجة العامة تنزل منزلة الضرورة) و (الضرورات تقدر بقدرها).

**چوارەم:** دەکرێ بەشێوەیەکی یەکجارەکی نوێژو تاری جومعە رانەگیرێ، بەڵکو لەبری ئەوە بەئامادەبوونی وتاربێژو بانگدەرو کارگوزارانی مزگەوت و بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندرووستیەکان؛ وتار بخوێندرێتەوەو نوێژی جومعە بەڕێوەبچێت، ئەمەش راوبۆچوونی هەریەك لە دکتۆر هاشم جمیل عبدالله[1] و شێخ "محمد الحسن الددو"[2]یە.

[1] لە فەتواکانی ئەنجومەنی باڵای فەتوای عێڕاقی لە دیوانی وەقفی سوننی، ژمارە ٦ی بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٢ی زایینی.

[2] کەسایەتیێکی دیار و زانایێکی گەنج و بەتوانای مۆریتانیایە، بەڕێوەبەری سەنتەری زانستیە لە نواکشۆت، بڕوانە فەتواکەی لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٧ لە پێگەی فەرمی خۆی: http://dedewnet.com .

# هەڵاوێرکردن و یەکلاکردنەوە

**بەڵگەکانی راوبۆچوونی یەکەم؛ رەخنەی لێگراوەو وەڵامدراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

١- ئەو عوزرانەی کە بەشێوەیەکی گشتی هەڵێنجراون لەو دەقانەی باس لەوە دەکەن، کە ئاساییە نوێژی جەماعەت نەکرێ، بە هۆی ئەو زەحمەتی‌و ئەزیەتانەی درووستدەبن لەکاتی بارانبارین‌و نەخۆشکەوتن، یان دوورکەوتنەوە لەمزگەوت بەهۆی سیر و پیازەوە.

**رەخنەی لێگیراوە بەوەی کە:** زانایانمان باسی ئەو عوزرانەیان کردووە، مەبەستیان پێی خاوەن عوزرەکانە، نەك کەسانێك کە ساغ و بێ عوزرن، روخسەت‌و مۆڵەتێکە بۆ کەسانێکی تایبەت، نەك بۆ تێکڕای خەڵکی‌و بەگشتی.

**وەڵامیاندراوەتەوە، کە:** هەندێك لەزانایان فەرموویانە: هەرکەسێك تووشی نەخۆشییێکی گوازراوە هات؛ نوێژی جومعەو جەماعەتی لەسەر نیە، مەگەر شوێنێکی تایبەت‌و ئامادەو جیاکراوەی هەبێت لەناو مزگەوت، بەجۆرێك کە تێکەڵی کەس نەبێت؛ لەوکاتەدا لەسەریەتی ئامادە بێت[١]، لە ئێستاشدا و و لەم نەخۆشیەدا بەتایبەتی، ناکرێت نەخۆش‌و ساغ لەیەکتری

---

[١] بڕوانە: مواهب الجليل شرح مختصر خليل: ٥/٢٦٤، حاشية الدسوقي: ٤/٦، الطرق الحكمية: لا٣٢٤.

جیابکرێنەوەو بناسرێنەوە؛ لە حاڵێکیشدا بۆ نمونە ئەگەر کەسێکی هەڵگری ڤایرۆسەکە، دەستی لەدەرگای مزگەوت دا، کێ دەتوانێ گرێنتی ئەوە بدات کە کەسێکی ساغ دەست لەهەمان شوێن‌و هەمان دەرگا ناداتەوەو تووشی ڤایرۆسەکە نابێ؟ یان ئەگەر کەسێك لەناو مزگەوت بپژمێت، کێ گرێنتی ئەوە دەدات بۆ چەند مەترێك ڤایرۆسەکە هەڵنادات و خەڵکی تووش ناکات؟ ئەی تەوقەکردن‌و چاکوچۆنی ئەو خەڵکەش لەگەڵ یەکتری مەترسییێکی دیکە نابێ؟ ئەی مەگەر رایەخی مزگەوتەکانیش لەوکاتەدا، کە ئەو هەموو خەڵکە سوجدەی لەسەر دەبا؛ نابێتە هۆکارێکی دیکەی گواستنەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە؟ خۆ ئەگەر هەرکەسێك بەرماڵێکی تایبەتی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ مزگەوت؛ کێ گرێنتی ئەوە دەکا کە لەرێگەی ئەو بەرماڵەوە ڤایرۆسەکە ناچێتە ناو ماڵەکان و لەوێشەوە بۆ ناو تەواو کۆمەڵگەو کایەکانی ژیان؟ بۆیە مەبەست لە راگرتنی جومعەو جەماعەت؛ تەنها خۆپارێزیە لە تووشبوون بە پەتا.

مەعلومیشە کە جارێکیان وەفدێك لە "ثقیف"ـەوە بۆ موسڵمان بوون‌و بەیعەتدان دێنە لای پێغەمبەری خوا –صلى الله عليه وسلم- و کەسێکیان لەگەڵ دەبێت کە تووشی گەڕی بووە؛ پێغەمبەری خواش –صلى الله عليه وسلم- تەوقەی لەگەڵ ناکات، وەك لەفەرموودەدا هاتووە، کە دوای ئەوەی دەزانێ ئەو نەخۆشەیان لەگەڵدایە، بەرلەوەی بێنە ناو شاری مەدینە و ناو

مزگەوت؛ هەواڵی بۆ دەنێرێ و پێیدەفەرموێ: (ارجع فقد بايعناك)[1]، واتە: بگەڕێوە؛ بەیعەتەکەت وەرگیرا. تا تێکەڵی خەڵکی نەبێت و خەڵکیش تووشی نەخۆشیەکەی نەبن.

٢- بەڵگەیان هێناوەتەوە بەوەی، کە پاراستنی سەروگیان؛ لە ئەرکە هەرە گرنگ‌و لەپێشینەکانی دین‌و دینداریە، ئەمەش بەوە دەبێت کە سەروگیان بەدووربگیرێت‌و بپارێزرێت لەهەر شتێك ببێتە مایەی لەناوبردنی، هەربۆیەش لە رووی شەرع‌و عەقڵیشەوە واجبە لەسەر دەسەڵاتداران و بەرپرسانی موسڵمانان، کە گیانی خەڵکی بپارێزن لەو پەتایەی بۆتە مەترسی سەر ژیان‌و گیانی هەمووان، گومانیش لەوەدانیە کە لەئێستادا باشترین رێکاری پارێزگاری؛ قەدەغەکردنی هاتوچۆ و تێکەڵاوی و لەیەکتری نزیکبوونەوەیە، دەنا بە پێچەوانەوە کارەسات‌و مردنی بە کۆمەڵ روودەدات، وەك ئەوەی لە هەندێك وڵات روویدا.

**رەخنەی لێگیراوە بەوەی کە:** ئەم بەڵگەهێنانەوەیە زێدەڕۆیی تێداکراوە، چونکە پاراستنی سەروگیان لەدوای پاراستنی دین و دینداریەوە دێت، کە

---

[1] پێشەوا موسلیم لە صەحیحەکەی خۆی هێناویەتیەوە، باب: اجتناب المجذوم ونحوه، ژمارەی فەرموودە: ٢٢٣١، ١/١٧٥٢.

بێگومان دینداری و پاراستنی دین؛ بناغە و کرۆکی هەموو پێویستیو گرنگیەکانی دیکەیە[1].

**وەڵامیاندراوەتەوە کە:** ئێمە بەدوای ئەوەوە نین، پاراستنی سەروگیان پێش پاراستنی دین و دینداری بخەین، چونکە خۆی باسو مەبەستەکە پەیوەستە بە پاراستنی سەروگیانو پاراستنی عیبادەتو پەرستشێکی تەواوکاری -التكميلية- نەك خودی دین و ئایین[2].

٣- **رەخنەیش لەوەگیراوە، کە** ئەو بنەمایانەی باس لە زەڕ و زیان دەکەن، نابێت پشتی پێببەسترێتو بە بەڵگەبهێنرێنەوە، چونکە بابەتێك کە تایبەت -خاص- بێت، حوکمی گشتی -عام- وەرناگرێت؛ بۆ نمونە: ناکرێت ئەو حوکمەی کە باس لەکەسی نەخۆش دەکات لەفەرمودەکە، بۆ تەواوی کەسە ساغەکانیشی بسەپێنی، بە بەڵگەی ئەوەی گوایە مەبەست لەو گشتگیرکردنە؛ وەلانان و دوورخستنەوەی زەڕ و زیانە –قاعدة دفع الضرر، چونکە ئەو بنەمایە لەوکاتەدا دروستە کاری پێبکرێت، ئەگەر هاتوو هیچ گومانو ئەگەرێك نەبوو کەسەکە نەخۆشە یان هەڵگری نەخۆشیەکەیە و زیانی هەیە بۆ کەسانی دەوروبەری، ئەگینا دەبێتە جۆرێك

[1] بڕوانە: الموافقات: ٢/٢٦٥.
[2] کەواتە بەرژەوەندی پێویست و زەروورەتی یەکەم، کە شایەنی پاراستن بێت؛ سەروگیانە -النفس- پاشان جێبەجێکردنی نوێژی جەماعەت لەمزگەوت بەپلەی دووەم. بڕوانە: الموافقات: ٤/٢٠٧.

لەدەسکاریکردنی شەریعەت‌و کارنەکردن بەیاساو حوکمەکانی لەکات‌و شوێنی خۆی.

**وەلآمیاندراوەتەوە کە:** وەلانان و دوورخستنەوەی زەڕ و زیان –قاعدة دفع الضرر- یەکێکە لە بنەماو یاسا فیقهیە هەرە گەورەکان؛ ناشکرێ لەئێستادا بەسەر ئەم نەخۆشیەدا زاڵبین، بەرێگریکردن و قەدەغەکردنی کۆبوونەوەو قەرەباڵغی نەبێت، هەروەك پسپۆڕان و شارەزایان باسیانکردووە، رێکخراوی تەندرووستی جیهانیش ئاماژەی بەوەداوە کە ناتوانرێ قۆناغە سەرەتاکانی تووشبوون بەم نەخۆشیە، ناکرێ کەسی توشبوو بناسرێتەوە و تا دوو هەفتە یان زیاتریش، هیچ نیشانەیەکی لێدەرناکەوێت، لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە ئەگەر هاتە مزگەوت؛ بێ ئەوەی هەست بکا، ڤایرۆسەکە بلآودەکاتەوە[1]، کەواتە ئەی چۆن دەکرێ ئەم زەڕ و زیانە وەلا بنرێ!؟

**رەخنەیش لەوانە گیراوە،** کە ئایەتی (ومن أظلم ممن منع مساجد الله أن يذكر فيها اسمه)[2]، بەبەلگە دەزانن بۆ بۆچوونەکەیان‌و پێیاندەڵێن: ئەم بەلگەیە لە شوێنی خۆی نیە، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوانی داخستنی مزگەوت بەیەکجاری و داخستنی مزگەوت بە شێوەیەکی کاتی، هەمووومان کۆکین کە داخستنی مزگەوت بەیەکجاری؛ درووست نیە، مزگەوت ماڵی خوایەو دڵی موسڵمانانی پێوەبەندەو گەورەترین‌و خۆشەویسترین شوێنی سەرزەویە لەلای

[1] بۆ بەدواداچوون و زانیاری زیاتر، بڕوانە: www.who.int/ar.

[2] ئایەتی ١١٤ی سوڕەتی "البقرة".

خوای گەورە، یاد و زیکری خوای گەورەی تێدا دەکرێ، بڕواناکرێ موسڵمانێکی خواپەرستو خواناس هەبێتو لەگەڵ داخستنی مزگەوتیماڵی خوای گەوردەبێت، بەلاَم ئەو داخستنەی کەلەئێستادا باسی لێوەدەکرێ، ڕێکارێکی کاتیەو مەبەست لێی خۆپارێزیو پاراستنی سەروگیان و بلاَونەبوونەوەی نەخۆشیە لەنێوان تاك بەتاكی کۆمەڵگە.

زانای ناوداریش "ابن عثیمین" -ڕەحمەتی خوای لێبێت-، لەپەراوێزی ئەو ناونیشانەی کە پێشەوا بوخاری –ڕەحمەتی خوای لێبێت- دایناوە بۆ یەکێك لەبەشەکانی صەحیحەکەی بەناوی (باب اغلاق البیت ویصلی في أي نواحي البیت ان شاء)، دەفەرموێ: مەبەستی دانەر ئەوەیە، کە دەکرێ مزگەوتەکانو کەعبەش لەکاتی پێویستو زەرورەت دابخرێن، ناشبێ لەوکاتەدا بگوترێ ئەو داخستنە دەکەوێتە خانەی ئەو ئایەتەی باس لە مەنعکردنو قەدەغەکردنی مزگەوت دەکا و زوڵمو ستەمە، چونکە لەوانەیە هەندێکجار بەرژەوەندیو زەروورەت و پێویستی وایبخوازێ، کەواتە شتێکی ئاساییە[1].

سەبارەت بە قسەی ئەوانەش کە دەڵێن: "نەهاتنە مزگەوت و نەچوونە جومعە وجەماعەت؛ تەنها بۆ ئەوانە ئاساییە کە عوزریان هەیە، بەلاَم بۆ ئەوانە ئاسایی نیە کە ساغن و نەخۆش نین"، ئەم قسەیەش ڕەتدەکرێتەوە بە قسە و وەلاَمی ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی بە بەڵگەوە سەلماندویانە، کە دەکرێ کەسێك

[1] بڕوانە: تعلیقات علی صحیح البخاري لابن عثیمین: لا١٩٦.

هەڵگری ڤایرۆس بێت و تووشبووی نەخۆشیەکە بێت، بەڵام هەستی پێنەکات و نەیزانێ، چونکە نیشانەکانی بەرکەوتن و نەخۆشکەوتنی تا دوای دوو هەفتە زیاتر دەرناکەون.

**ئەوانەیش کە دەڵێن:** "دەسەڵاتو حکومەت بۆی نیە مزگەوت دابخا"، دیسان ئەم قسەیەش رەتدەکرێتەوە، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێشتر باسمانکردووە، کە پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم- کەسێکی تووشبوو بەنەخۆشی گەڕی لەمزگەوتو لەئاوەدانیش دوور خستۆتەوە، وە بەو فەرموودەیەیش کە باس لە نادرووستی تێکەڵاوبوونی کەسانی تەندرووستو نەخۆش دەکات.

**سەبارەت بە ئەوانەیش کە دەڵێن:** "با لەماڵەوە وتار و نوێژی جومعە بکەن"، ئەم قسەیەش رەتکراوەتەوەو رەخنەی زۆریشی لێگیراوە، چونکە دژ بە زۆرێك لەو مەرجانەیە، کە زانایانمان باسیانکردووە بۆ وتارو نوێژی هەینی، بۆ نمونە:

١- حەنەفیەکان بەمەرجیان داناوە، کە بۆ نوێژی هەینی؛ ئیزنی دەوڵەت و دەسەڵاتداری موسڵمانان وەرگیرابێ[1].

٢- مالیکیەکانیش؛ هەریەك لە نیشتەجێبوون و هەبوونی مزگەوتو بوونی رۆژی هەینی و هەبوونی ئیمامیان بەمەرج داناوە[2].

---

[1] بڕوانە: رد المحتار علی الدر المختار: ١٥١/٢.

[2] بڕوانە: التاج والاکلیل لمختصر خلیل: ٥٢٠/٢.

٣- شافیعیەکانیش باسیانکردووە، کە مەرجە هیچ جومعەیەکی لەپێش و لەپاشیدا بەڕێوەنەچێت[١]، پێشەوا "العز بن عبدالسلام"یش –رەحمەتی خوای لێبێت- فەرمویەتی: جومعە لەناو خێوەت و چادرگەکان دروست نیە[٢].

٤- حەنبەلی‌و شافیعەکانیش دەفەرموون: مەرجە ئامادەبووانی جومعە بگات چل کەس[٣].

٥- کۆی زانایان -الجمهور- لەسەر ئەوە کۆکن، ئەوانەی عوزریان هەیە، وەك: بەندکراو و نەخۆش‌و هتد.. جومعەیان لەسەر نیە، هەرچەند مەرجەکانی واجب بوونی جومعەشیان تێدابێ[٤]، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل –رەحمەتی خوای لێبێت- بیست و هەشت مانگ، یان زیاتر لە بەندیخانە بووە؛ کەچی کەس نەیزانیووەو لێیان نەگێڕاوەتەوە، کە نەخۆی بەتەنها لەوێ جومعەی کردبێ، نە وتار و نوێژی جومعەشی بۆ ئەوانە کردبێ کە لەبەندیخانە لەگەڵی بوون، شێخی "ابن تیمیة"یش – رەحمەتی خوای لێبێت- حەوت ساڵ بەشێوەی جیا جیا خراوەتە بەندیخانە؛ کەچی بەهەماشێوە ئەویش وتار و نوێژی جومعەی بۆ خۆی

---

[١] بڕوانە: مغني المحتاج: ٢٨١/١، المهذب: ١١٧/١-١١٨.

[٢] الغاية في اختصار النهاية؛ العز بن عبدالسلام: ١٦٤/٢.

[٣] بڕوانە: المجموع شرح المهذب: ٤٨٧/٤، الانصاف: ٢٦٢/٥.

[٤] بڕوانە: بدائع الصنائع: ٢٥٩/١، الدونة: ٨٦٧/٣، المجموع شرح المهذب: ٥٠٣/٤، المغني: ٢٥٣/٢.

و ئەوانەشی لەبەندیخانە بوون نەکردووە،کەوایە چۆن دەکرێ ئێستا ئێمە بڵێین: با لەماڵەوە جومعە ئەنجامبدرێ!؟

بۆیە بەگوێرەی ئەوەی کە بۆمان روونبووەوە؛ بەڕێوەچوونی وتار و نوێژی جومعە لەماڵەوە، یان هەر شوێنێکی دیکە جگە لەمزگەوت؛ درووست نیە، چونکە ئەو مەرجانەی تێدا نایەتە دی، کە زانایانمان باسیان کردووە.

**سەبارەت بە رای ئەوانەش، کە دەڵێن:** "با تەنها وتاربێژ و بانگدەرو کارگوزرانی مزگەوت؛ ئامادەی وتار و نوێژی جومعە بن"، ئەوە بێگومان ئەو راوبۆچوونە بەلای ئەو زانایانەوە درووستە، کە مەرجی نازانن ژمارەی ئامادەبووانی جومعە زۆربن، یان بگات بە چل کەس.

لەلای خۆمەوە ئەو رایە بەگونجاو و پەسەند دەزانم، بەڵام بەو مەرجەی دەسەڵات، یان ئەوقاف رێگەی پێ بدات، نەوەك تێکەڵاوی و بێسەروبەری تێبکەوێ.

دکتۆر هاشم جەمیل لەسەر ئەم رایە دەفەرموێ: دەکرێ —دوای وەرگرتنی ئیزن لە دەسەڵات‌و ئەوقاف- بەیەکجاری‌و سەرتاسەری نوێژو وتاری جومعە رانەگیرێت، هەروەها دەشکرێ ئەو کەسانەی کە ١٥٠ مەترێك لە مزگەوت دوورن‌و گوێیان لەدەنگی وتارو نوێژەکەیە؛ لەدوای مامۆستای مزگەوتەکەیان نوێژەکانیان بکەن، جا لەماڵەوە بن یان لە هەر شوێنێکی دیکە، وە ئەم شێوە نوێژکردنە بەلای مالیکیەکانەوە؛ بەبەردەکەوێت‌و

درووستە لە حاڵەتی بوونی عوزری هاوشێوەی ئەو نەخۆشیەی کە ئێستا هەیە، قەولێکیشە بەلای شافیعیەکان و ئیمامی ئەحمەدیشەوە، "ابن تیمیة" ش ئەم رایەی هەڵبژاردووە[١].

[١] بڕوانە: منح الجليل شرح مختصر خليل: ٣٦٥/١، المجموع شرح المهذب: ٢٩٩/٤، مسائل الامام أحمد بن حنبل واسحاق بن راهويه: ٨٤٨/٢.

# دەرەنجام

دوای تاوتوێکردن‌و هەڵاوێرکردنی بۆچوون‌و بەڵگەکان‌و هەڵسەنگاندنی چاکترینیان، بەمەبەستی دووربوون لەو پەتایەو لەبەر نادیاری نیشانەکانی تووشبوون‌و بەپەلە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە.

بێگومان باشترین را و رێکار، هەر ئەوەیە کە کۆی زانایان لە ئێستادا لەسەری کۆکن، ئەویش بریتیە لە راگرتنی جومعەو جەماعەت لەو مزگەوتانەی دەکەونە ئەو وڵات و شارانەی نەخۆشیەکەیان تێدا بڵاوبۆتەوە، تەنها بانگ دەدەرێت، بە مەبەستی پاراستنی سەروگیان‌و کارکردن بەو رێکارە شەرعیانەی بۆ ئێستامان ئاسانترین‌و باشترینن، وە بە ئامانجی لادان وەدوورخستنەوەی زەرِوزیان‌و کارەسات، کە بێگومان ئەویش لەشەرعدا رێپێدراو و داواکراوە.

خۆ ئەگەریش بتوانرێ لەشوێنێك –دوای رێگەپێدان- وتارو نوێژی جومعە، بەتەنها لەلایەن وتارخوێن‌و بانگدەرو کارگوزارانەوە جێبەجێ بکرێ، بە رەچاوکردنی رێنماییە تەندروستیەکان؛ زۆر شتێکی چاکە، بۆ ئەوەی وتاردان و جومعە؛ بەشێوەیەکی گشتی‌و سەرتاسەری نەوەستێنرێ، ئەگەریش نەکرا؛ ئەوە ئاساییە و رێی تێدەچێ.

هەرکاتێکیش ئەو نەخۆشی‌و پەتایە نەما؛ دەبێ دەستبەجێ دەرگای مزگەوتەکان بکرێنەوە، کار بەو بنەماو رێکارە شەرعیە بکرێت، کە دەفەرموێ:

(اذا زال المانع عاد الممنوع)[1]، واتە: ئەگەر ڕێگرو عوزرە شەرعیەکە نەما؛ ئەو شتەی کە بەهۆی ئەو عوزرەوە قەدەغەکرابوو، وەك جاران ئاسایی دەکرێتەوە.. خوای گەورەش زانا و لێزانترە.

[1] موسوعة القواعد الفقهية، ال بورنو: ٣١٦/١.